# بزووتنەوەی خوێندکاری کۆرەی باشوور
# و
# پرۆژەی دێمۆکراسی خوازی "١٩٨٧ ـ ١٩٨٠"

و: جەلال کشور دوست

**سەرەتا:**

خوێندکارانی کورەیی بە درێژایی مێژوو خاوەنی هەستی شۆڕشگێڕی و بیری دێموکراتیزە بوون. و هۆیەکەشی سەر تەڵ گەرایی ئەوانە. ئەوان هۆی رووخانی دەوڵەتەکانی، رێ "rhea" "١٩٦٠ـ ١٩٤٨" پارك چانك هی (١٩٦٧ـ ١٩٦١) و چان دووهوان بوون. لە ڕژێمی چان بۆ وێنە بوونە هۆی ئەوە کە حەوت خاڵ بۆ دێموکراتیزە کردن راگەیەنێ. رۆڵی خوێندکاران لە تێپەرین بەرەو دێموکراسی حاشای لێ ناکرێ بەڵام ئەوان تەنیا گرووپ نەبوون، بەڵکوو رێکخراوی یەکیەتیی میللی بۆ دەستووری بنچینەیی دێموکراتیکیش "NCDC" خۆ پێشاندانێکی بەرینی دژی دەوڵەت دست پێ کرد یانی رێکخراوێکی بەرین کە توانی هەموو سیاسەت وانان، مەزهەبی یەکان، کرێکاران، هەژاران، جووتیاران و... هتد لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە پرسیاری سەرەکی ئەم وتارە ئەوەیە بۆچی خوێندکاران سەرەڕای بەشداری چالاکانەیان نەیان توانی رێبەری بزاڤەکە بە دەستەوە بگرن. وڵامێك کە ئەم وتارە ئەیداتەوە قامك لە سەر تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری، ئامانج و ئیدئۆلۆژییەکەیان و رێگا چارەکانیان دادەنێ بەشێکی زۆریان ڕێگا گەلێکی توندڕەوانەیان هەڵدەبژارد. دەستیان بە مینجونگیان بە واتایەکی تر شۆڕشی خەڵکی دەدا. لە وێوە کە هەر مان گرتنێك دەبووەوە هۆی توندو تیژی، زۆربەی خەڵك ئەوانیان بە هێزێکی کارا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی دێموکراتیك نەدەزانی بۆ شی کردنەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕکخراوی بزوتنەوەی خوێندکاری رەوتی دێموکراتیزە کردن بە سەر سێ قۆناغ دا دابەش دەکەین.




١ــ دێمــوکراتیزە بــوونی نــەزۆك و بزووتنـــــەوەی خوێنکـــــاری لاواز لـــــە ئۆکتۆبەری "١٩٧٩ـ دسامبری ١٩٨٣".

٢ـ دێموکراتیزە بوون و هەڵسانەوەی بزووتنەوەی خوێنکاری لە ژوئەی"١٩٨٤ـ ئـــابریلی ١٩٨٧" و تێپـــەڕین بـــەرەو دێموکراسی ئـاوریلی "١٩٨٧ــ دسـامبری ١٩٨٧".

٣ــ سـەردەمی دێمـوکراتیزە بـوونی نـەزۆك و بزووتنــەوەی خوێنکــاری لاواز:

لـــەو ســـەردەمەدا دەرگـــیری پـــرش و بڵاوەکانی سەر شەقامەکان لە لایەن هێزەکانی ڕژێم سەرکوت دەکراو هەلی پێك هێنانی ڕێکخراوی جۆراو جۆری بە خوێنکـاران نـە دەدا هەر بۆیە ئامانجی خوێنکاران بەرەو، ڕادیکاڵ بوون دەچوو. لـەم سـەردەمە دا هەسـتی دژە ئـەمریکایی لـە نێو خوێنـدکاران دا سـەر هەڵدەدا.

لـە جـەریانی تـیرۆری پـارك چـانگ هـی، بزوتنـەوەی خوێنـدکاران و هێـز، دژیـەکانی دەوڵـەت کەوتنـە هـەوڵ و تەقـەلا، بـۆ هەڵوەشاندنەوەی بە پەلەی یاسای ژمارە ٩ کـە ٥ سـاڵ کـاری پـێ کرابـوو ٦٣٩ خوێنکـار و ٢٥ مامۆسـتای دوور خـراو گەڕانـەوە بـۆ زانکۆکان. هاتنەوەی خوێنکارانی چالاکی سیاسی گیانێکی نوێی بە بەر زانکۆ دا کرد. لەم قۆناغەدا ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاسـتەوخۆ لـە گەڵ دەوڵەت دا خۆیان پاراست، بەڵام کاتێك کە سیاسەتەکانی دەوڵەت کراوەتر بوو، داخوازیەکانی خوێنکارانیش، زۆرتـر بـوو، ئـەوان

خوازیاری ئازادی چاپەمەنی هەڵس و کەوتی باشتر لە گەڵ کرێکاران سەنعەتی و پێشکەوتنی بە پەلە بەرەو دێموکراسی ڕاستەقینە بوون.

دوای سەرکووتی خوێناوی شۆڕشی کوانگ جۆ تێڕوانینی خوێندکاران بە نیسبەت ئامانج، شێوەی خەبات، کۆمەڵگای کووڕەو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا گۆڕدرا. دوای تیرۆری پارك چانگ هی، ئامانجی خوێندکاران دێموکراتیزە کردنی زانکۆکان و خودموختاری خوێندکاران بوو. لە مانگی مای ١٩٨٠ خوێندکاران لە ڕاگەیاندراوی خۆیان دا پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە ئامانجیان پەرەپێدانی دێموکراسی لیبرالّیە. لە ڕێکەوتی ٢ی مای ١٩٨٠ ئەو خوێندکارانەی کە لە زانکۆی میللی سیئۆل کۆبوونەوە، خوازیاری سەقامگیر بوونی دێموکراسی ڕاستەقینە لە ڕێگای ولاتانی پاش ماوەکانی هێزی یووشین بوون. بزووتنەوەی خوێندکاری دەوڵەتی چانی بە دەوڵەتی دژی میللی و دژی خەڵك و فاشیست ناو برد کە بۆ لە ناوبردنی دێموکراسی پەنای بۆ ڕێگا جۆراوجۆری وەك بێ بەش کردنی خەڵك لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان و چەوسانەوەی ئەوان لە هەمبەرمانەوەی کۆمەڵێکی تر دەبرد. لە ١١ی دسامبری ١٩٨٠ هەزاران خوێندکاری زانکۆی سیئۆل ڕاگەیانراوی دژی ئیمپریالیستی و دژە فاشیی خۆیانیان بڵاو کردەوە. لە دەیەی ١٩٧٠ گروپەکانی دژ بە دەوڵەت، ڕوانگەیەکی پۆزەتیف یان بە نیسبەت ئەمریکاوە پەیدا کرد یەکێك لە هۆکارەکانی ڕەخنەی ئەمریکا لە پێشل بوونی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕژێمی پارکەوە بوو و هەروەها دەنگۆی ئەو بڵاوکراوەیە کە ئەمریکا هێزەکانی خۆی بۆ پیشتیوانی لە دێموکراسی لە بەندەرەکانی پووسان پیادە کردووە. لە حاڵێك دا کە پێچەوانەی ئەوە سەلمێندرا. چوون کە لە جەریانی کووشتاری کوانگ جۆ خوێندکاران بە تاوان بار دەزانی و دەعوەتی ڕێگان لەچان ئەم باوەرەی خوێندکارانی بەهێز کرد. خوێندکاران ناوەندی فەرهەنگی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شارەکانی کوانگ جۆ (٩ی دسامبری ١٩٨٠) وە پووسان (١٨ی مارسی ١٩٨٢) ئاگر تێ بەر دا لە ٢٢ی ئاوریلی ١٩٨٢ خوێندکارانی زانکۆی کانگۆن لە ڕێپێوانەکانیان دا درووشمی "یانکی برۆوە ماڵێ خۆت" بەرز کردەوە و ئالای ئەمریکایان ئاگر تێ بەردا. گۆانێکی تر لە تێروانینی ئەواندا "پێکهات هەوڵ لە پێناوی تێ گەیشتن لە ڕاستیەکانی کۆمەڵگای کۆرە لە دەقی سیستەمی جیهانی بوو. تێروانینی ئەوان لە بارودۆخێکی ڕا گەیاندراوێکی کورت دا لە ژێر ناوی (فەهم و راهکار) بڵاو کردەوە لە ساڵی ١٩٨٢ بە شێویەکی بەرین لە نێو خوێندکارانی چالاکی کوورەی باشوور بڵاو کرایەوە بە پێی ئەم ڕاگەیاندراوە

کوورەی باشوور وەك کۆمەڵگایەکی تازە ئیستعمارکراو هاتە بەر باس کە داگیرکەرانی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا و ژاپۆن بوون. لەم نێوەش دا نیزامی فاشیستی کوورەی باکوور وەك جێ نشینی دەسەڵاتدارانی ئیمپریالیست ناسێنرا لە ڕووی پەرە پێدانی ئابووریەوە کوورە بە سەرمایەداری تایبەتەوە پەیوەست بوو کە لەوێ دا خەڵك بە هۆی سەرمایەداری ئیمپریالیست و سەرمایەداری خۆماڵی دەچەوسانەوە.

سەرەڕای ئەوە هەموو ئەم شێوە هەڵسەنگاندنەیان قەبووڵ نەبوو ڕوانگە جیاوازیەکانیان لەم بارەوە بووە هۆی دەرگیری گەلێك وە ئەم دەرگیریانە بووە هۆی لە دەست چوونی هێزەکانیان لە خەبات لە گەڵ دەوڵەت. دوای ئەم بزووتنەوە سەر نەکەوتووەی (کووانگ جۆ) خوێندکاران بوونە دوو بەش: گرووپی موریم کە زیاتر پێی لە سەر پتەوکردنی ڕێکخراوەکان دادەگرێت و لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە خۆ پێشاندانی پەڕش و بڵاو لاواز، دەبێتە هۆی پتەو کردنی گووشاری دەوڵەت و لە دەست چوونی هێزی ڕێکخراو بزووتنەوەکە بە پێچەوانەی ئەوان گرووپی هێکریم باوەڕی بە شەڕی ڕستەوخۆ لە گەڵ دەوڵەت دا هەبوو ئاوریلی ١٩٨٢ حیزب سەرکەتوو بوو لە ساڵی ١٩٨٢ باس و مناقەشەکانی خوێندکاران بووە هۆی پێك هاتنی (یابی) ڕەخنەگەرانی خوێندنگای شەوانە لە بەرامبەر جیان مەنگ نووختە هیوای بزووتنەوەی خوێندکاری بوو. (یابی) باوەڕی بە تێکۆشانی دەروونی زانکۆیی بوو لە بەرامبەر جیان مینگ کە باوڕی بە خۆ پیشاندان و تێك هەڵچوونی ڕاستەوخۆ لە گەڵ دەوڵەت بوو.

**دێموکراتیزە بوون و دەست پێ کردنی بزاڤی خوێندکاری**

بە پێچەوانەی دەورەی یەکەم لەم سەردەمە دا خوێندکاران لە خەباتی دژی ڕژێم بە ئەزموونتر بوون لە دیسامبری ١٩٨٣ دەوڵەت سیاسەت گەلێکی بە ڕێوەدەبرد کە خودموختاری ئازدی زانکۆکان زیاتر بوو. بۆیە نە دەتوانین ئاماژە بە ئازادی خوێندکارانی دەسگیر کراو بکەین نە ئیزن دان بە خوێندکارانی دەرکراو. ئەم فەزا کراوەیە هەلی بۆ خوێندکارانی چالاك ڕەخساند کە سەر لەنوێ ڕێکخراوەکانیان  دابمەزرێننەوە. ئەوان لە مارسی ١٩٨٤ کۆمیتەی پەرە پێدان خودموختاری ناو زانکۆکانیان دامەزراند ئەم کۆمیتەیە ئەڵقەی پێوەندی زانکۆکانی سەرانسەری وڵات بوو لە ئاوریلی ١٩٨٥ بزووتنەوەی خوێندکاران دەستی پێ کرد لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بەرین و ڕێك و پێك تر بە ناوی فیدراسۆنی میللی ئەنجوومەنی خوێندکاران کە ئەندامی لە سەرانسەری وڵات دا هەبوو

دامەزران سەرەڕای هەبوونی ڕێکخستن و هاوکاری خوێندکاران و هەموو چینەکانی تر. جیاوازی بیری ئایدۆلۆژیك سەبارەت بە لێك دانەوەی هەل و مەرجی سیاسی، ئابووری، ئەوکات هەبوو بەم هۆیەوە خوێندکاران بوونە دوو دەستە،

١ـ گرۆپی ئالاّ کە باوەڕی بە خەباتی هەنگاو بە هەنگاوو لەو باوەڕە دا بوو کە خوێندکاران دەبێ وزەی خۆیان لە ڕێگای درووست کردنی ڕێکخراوێکی یاسایی و سالم بە کار بردن و بە هێنانە بەر باسی کەم و کوڕیەکانی زانکۆ پشتیوانی تەواوی خوێندکاران پێش لە ڕێکخستنی خەباتێکی توند و تیژ کەڵك وەر بگرێ ئەم گرووپە تێدەکۆشە نفووزی خەڵکی خۆی لە ڕێگای پتەوکردنی بزووتنەوەکە پەرە پێ بدا.




٢ـ گووپی دژی ئالاّ، تالی گرووپی هیکریم بوو ئەم شێوە خەباتی بە لاواز دەزانی چوونکە لەو بڕوایە دابوو ڕێکخراوی یاسایی خەباتی فیزیکی سنوور دار دەکات ئەگرووپیان لە سەر پێك هێنانی هێزێکی پێشڕەو دەکرد لەم ڕووەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ کۆمیتەی خەبات بۆ دێموکراسیەیان دامەزراند ئەم کۆمیتەیە لە ١٤ی ژانۆئەی ١٩٨٥ ئەرکی داگیر کردنی بینای ناوەندی حیزبی دەسەڵات دار بە ناوی حیزبی عەداڵەتی دێموکراتیك بە ئەستۆ گرت. لە گەڵ ئەوەش دوای ماوەیەك گرووپی ئالاّش پێك هێنانی هێزی پێشڕەیان قبووڵ کرد و لە تێك هەڵچوونەکانیشیان بەشداریان کرد. ئەم کۆمیتەیە لە لایەن هەردوو گرووپەوە ڕێبەری دەکرا. لە سەرەتای ١٩٨٦ ئەم گروپە بە هۆی توندڕەویەکانی و دوورکەوتنەوە لە خەڵك درانە بەر ڕەخنە. ڕەخنەگەران لە زانکۆی سیئۆل لە لای ئاوریلی ١٩٨٦ کۆمیتەی پشت ئەستوور بە خەباتی دێموکراسی دژی ئەمریکا و

فاشیزم لە سەر بنچینەی ئیدئۆلۆژی شۆڕشی دێموکراسی خەڵکی شۆڕش و ئازادی نیشتمانیان دامەزراند. ئەم تاقمە کۆمەڵگای کوورەیان بە کۆمەڵگایەکی داگیر کراویان دایە قەڵەم کە دەستی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا و دەوڵەتی نیزامی سەرەکی ئەمریکایە و تەواوی هێزەکان دەبێ لە خزمەت خەباتی دژی ئیمپریالیستی دابن هاوکات لە خەبات بۆ دێموکراسی ئەم گروپە لەو بڕوایە دابوون کە ئامانجی سەرەکی دەبێ خەبات بۆ یەکێتی دووبارە بێ چوونکە دوژمنی ئیمپریالیست بۆتە هۆی ناکۆکی دوورگەی کورە. لە ٢١ی مارسی ١٩٧٦ گروپی ئالاّ کومیتەی خەباتی دێموکراتیکی میللی دژ بە ئیمپریالیزم و فاشیزم دامەزراند تاڵی ئیدئۆلۆژی (شۆڕشی دێموکراتیکی میللی بوو) بە جیاوازیەوە کە ئەم گروپە کۆمەڵگای کوورەی بە کۆمەڵێکی تازە داگیرکراو سەرمایە داری پاوانخواز دەناسی و لەم ڕووەوە ڕووخانی دەوڵەتی نیزامی فاشیستی بۆ ئەوان لە پێشەوە بووو لە حاڵێك دا کۆمیتەی پشت ئەستوور بە خۆ خەباتی دێموکراسی میللی دژ بە ئەمریکا و فاشیزم و پەیوەندی نێوان ئەمریکاو کورەیان بە پەیوەندی ئاغاو ڕەعیەتی دەزانی کوومیتەی خەباتی دێموکراتیکی میللی دژ بە ئیمپریالیزم و فاشیزم ئەو پەیوەندیەی بە لاکووتی (وابەستەیی) دەزانی لە سەر خودموختاری نیسبی کورەی پێیان دادەگرت ئەم دووانە لە پێناسەکردنی سنووری نێوان خەڵك لە گەڵ یەك جیاوازیان هەبوو کوومیتەی پشت ئەستوور بە خۆ بۆ ڕژوازی میللی سەربازانی دێموکرات، کرێکار و جوتیاران بە توودە دەژمارد. بەلاّم کوومیتەی خەباتی دێموکراتیکی میللی بڕوای وابوو ئەو گروپانە ناتوانن ئامرازی یەکیەتی بن چوونکە ئەوانە دەیان ئەوێ حکومەت بە دەستەوە بگرن نە ئەوەی کە شۆڕشی خەڵکی ڕێ نوێنی بکەن لە گەڵ ئەوەش دا کە هەر دوو گرووپەکە لە کارو کردەوە ڕادیکاڵەکانی کۆمیتەی خەبات بۆ سەمین ڕخنەیان دەگرت. جیاوازیەکی زۆریان لە گەڵ سەرچاوەکانی خۆیان دانەبوو هێندێك جاریش تووند ڕەوانە تریش لە وان دەجوولاّنەوە ئەم دوو گرووپە دوو خۆ پێشاندانی توندو تیژیان بەڕێوە برد. ڕووداوی ئینچۆ لە مای ١٩٨٦ و داگیرکردنی زانکۆی کۆنکاك لە ئۆکتۆبر تایبەتمەندیەکانی ئەو سەردەمە بەم شێوەیە بوو. خۆ پێشاندانە یەك لە دوای یەك لە زانکۆکان یەکگرتنیان لە گەڵ بزووتنەوەی کرێکاری بوونی ڕێکخراوو گەلی دوو لایەنە و ڕادیکاڵ. لە خۆ پێشاندانە کانیاندا لە تاکتیك گەلی چریکی کەڵکیان وەرگرت یەکگرتنی کرێکاران و خوێندکاران لە دووەمین دەورەی دێموکراتیزەکردن سەر کەوترین پێشکەوتن لە بزوتنەوەکەدا بوو. زۆرێك لە خوێندکاران وانەیان تەواو کردبوو بە شێوەی نهێنی دەچوونە شوێنی کارەکان و بە شاردنەوەی هوویەت خۆیان لە پەروەردەکردنی

کرێکاران و ڕێکخستنی یەکیەتیە کرێکاریەکان تێ دەکۆشان. ئامادەبوونی خوێندکارانی چالاکی سیاسی لە گۆڕەپانی کێشەکانی کار، زانیاری و لە ئاکام دا ڕێژەی چالاکی سیاسی کرێکاران گەشە پێ دا ئەم یەکیەتیە، دەوڵەتی نیزامی لە پتانسێلی شۆڕش دەترساند. مەبەست لە ڕێکخراوی دوو لایەنە هەبوونی لایەنی یاسایی یانی ڕێکخراوەکانی بزوتنەوەی خوێنکاری فرمی، لە گەڵ لایەنێکی دیکە، وەك جوڵانەوەی ژێر زەمینی چریکی توندو تیژی دژ بە ڕژێم بوو. توندو تیژ بوون و ڕادیکاڵ بوون وو تایبەت مەندی ئەو دەمەبوون ئەوان لە خۆ پێشاندنەکانیاندا دارو داردو خشت کۆکتل مۆلۆتۆف وە مەشغەڵی ئاوریان بۆ دەهاویشتن ئەو توندو تیژیە زیاتر بۆ برگری کردن لە خۆو دژ بە توندوتیژی پۆلیس ئەنجام دەدرا بەم کردەوە توندو تیژانە ئەوان لە ناو خەڵك و چینی خوێندکار دا تەریك کەوتنەوە تێپەڕ بوونی دێموکراتیك و بزووتنەوەکانی خوێندکاری ئاوریلی ١٩٨٧ هەتا دسامبری ١٩٨٧. ئەم سەردەمە سەردەمی هاوتەراز بوونی بیری گشتیە بۆ گەیشتن بە دێموکراسی. بە هۆی ئەزموون گەلی پێشوو خوێندکاران بۆیان دەرکەوت کە توندو تیژی دەبێتە هۆی ترساندنی خەڵك و هەڵاتنیان و بەر پەرچ دانەوەی دەوڵەتیش دوای ڕووداوی ئینۆن داگیرکردنی زانکۆی کوونکاك، خوێندکاران پشتیوانی خەڵکیان لە دەست دا و زۆرێکیان لێ گیرا.

"بزووتنەوەی خوێندکاری لەو سەردەمەدا بەو شێوەیە دەناسرێ"

١ـ بۆ بە دەست هێنانی خۆشەویستی و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سەرکووتی دەوڵەتن زۆرێك لە ماك و تاکتیکەکانیان هەڵ وەشاندوو خۆ پێشاندانەکانیان لە نێو سنووری زانکۆ دا بەڕێوە برد.

٢ـ داواکاری و نارەزایەتەکانیان بە مەسەلە نێو خۆیەکانی زانکۆ وەك ئاسایشی خوێندکاران و لابردنی مامۆستایان و موودیرانی لاینگری دەوڵەت کەم کراوە.

٣ـ ڕۆڵی ئەنجومەنەکانی گشتی خوێندکاران لە بەرامبەر ڕێکخراوەکانی سووپای پێشرەو بە هێز بوو.

٤ـ بە لاواز بوونی ڕێکخراوی پێشرەو خەباتی ئیدئۆلۆژیکیش لە نێو ڕێکخراوەکان کەمتر بووە.

٥ـ هەوڵ بۆ یەکگرتنی کرێکاران و خوێندکاران کەمتر بووە تەنانەت دوای دەرچوونی لایەحەی ١٣ی ئاوریل لە لایەن دەوڵەت خوێندکاران بۆ وەدەست هێنانی خۆشەویستی کاریان دەکرد ڕووناکبیران و نارازیانی حکومەت بوون کە بە ئەوە نارەزایەتیەیان

دەردەبڕی. دوای نیوەی مانگی مەی خوێندکاران خەباتی سیاسی خۆیان دەست پێ کرد بە پێی نەریت ١٨ی مانگی مەی سالڕۆژی کوشت و بڕی کووانگ جۆ بوو و ئەوان خۆپێشاندانێکی گەورەیان وەڕێ خست و لە گەڵ ئەوەی ڕێکخراوی مەزنی یەکیەتی میللی بۆ قانوونی ئەساسی دێموکراتیک NCDC خوێندکاران توانیان بزووتنەوە گەلێکی چالاکتر و ڕادیکاڵ تر درووست بکەن. لە گەڵ ئەوەی کە خۆ پێشاندانی گەورە بە هۆی NCDC وەڕێ دەخرا، ڕیکخراوەکانی خوێندکاری بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ هەموو ڕۆژێک لە ڕێزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکان بوون. خوێنکاران توانیان ناڕەزایەتەکی پان و بەرین و گشتی لە سەرانسەری وڵات زیندوو ڕابگرن. لە حالێکدا کە NCDC جەختی لە سەر خۆپێشاندانی هێمنانە دەکرد، خوێندکاران هەرچەند جارێک بە هاویشتنی بۆمبێکی درووست کراوی دەستی و بەرد هێرشیان بۆ پۆلیس و بیناو ملکی دەوڵەتی دەبرد و تێکۆشانەکانیان بەرەو توندوتیژی دەکێشا. لە گەڵ سەرکوتی توندی پۆلیس بەرەو ڕوو بوون لە گەڵ ئەوەی کە خۆپێشاندانی هێمنانەی NCDC بووە هۆی بەشداری خەڵك و لە هێندێك حاڵەتدا کە خوێندکاران پاشەکشەیان بە پۆلیس دەکرد، دەبوونە هۆی بوێری و هاندانی خەڵك تا بتوانن ناڕەزایەتی خۆیان دژی ڕژێمی دیکتاتۆر دەربڕن.

**ئاکامی هەوڵەکان و سنووردار بوونی بزووتنەوەی خوێندکاری:**

بزووتنەوەی خوێندکاری، هەم ئاکامی پۆزتیڤ و هەم ئاکامی نیگاتیڤ لە ڕەوتی دێموکراتیك کردنی کورەی باشوور دا هەبوو دەیەی ١٩٨٠ تەنیا خوێندکاران بوون کە لە ژێر گووشاری لە ڕادەبەدەری دەوڵەتی چان مانەوەو هەوڵەکانیان دژی دەوڵەتی خۆیان بە هەموو شێوەیەك درێژە پێدا. ئەوان ببوونە هۆی هیواو ئومێدی خەڵك و گروپەکانی تریش لە گەڵ ئەوەش بە هۆی ئیدئۆلۆژی ڕادیکاڵیان، نەیانتوانی ئاڵتێر نایتێڤیگی باش بۆ ڕژێمی سەرەڕۆ بن و جڵەوی دەولتی دێموکراتیك بە دەستەوە بگرن. کارتێکەری دوو لایەنەی بزووتنەوەکەیان دەتوانرێ لە سێ بوار، ڕێکخستن، ئیدئۆلۆژی و ئەو ئەستراتیژی بە درێژە بخەنە بەر باس:

الف: لەم ڕوانگەوە، خوێنکاران ڕێکخراوە گەلی نایاسایی و نیزامیەیان پێك هێنابوو، لە ڕەوتی شۆڕشی کوانگ جۆ تەواوی گروپەکانی موخالیف و یەك لە وان حیزبی موخالیف، گروپەکانی ناڕازی و کرێکاران و... نەیان توانی لە بەرامبەر کردەوە ڕادیکاڵەکانی دەوڵەتی چان سەر بەرزبکەنەوە بێجگە لەو خوێندکارانەی کە ناچار بوون بۆ ئەوەی زیندوو بمێنن و کورەی خەبات بەگوڕو تین ڕابگرن

به شێوەیەك كار بكەن ئەم گروپە نە پارە لاوازی و چوار چێوەیەكی سنوور داریان هەبوو. هەروەك گوتراوە: خوێندكاران نەیان توانی ڕێكخراوێكی یەكگرتوو و پان و بەرین لە نێوان تەواو زانكۆكان دا بە شێوەی یەكگرتوو پێك بهێنن خوێندكاران زۆر كات لە گەڵ یەك جیاوازی ئیدئۆلۆژی و ئەستراتیژی‌یان هەبوو.

ب: ئیدئۆلۆژی: خوێنكاران لە ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیەكی‌یەوە لە دەیەی ١٩٨٠ تێ ڕوانینەكی بەر بڵاویان هەبوو لەم سەردەمەدا خوێندكاران هەوڵیان دەدا ڕاستی‌یەكانی كۆمەڵگای كورە هەست پێ بكەن. هەستی پراكتیك لە كۆمەڵگای كورە، ئاستی بزووتنەوەی دژ بە دەوڵەتی بردە سەرو بووە هۆی خەباتی بێ وچان بەردەوام بۆ دێموكراتیزە كردن. ئەم كارەساتە لە ڕێگای. تێ گەیشتن لەم مەسەلە دەگەیشتە ئاكام كە تەنگ و چەڵەمەكانی كۆمەڵگای كورەچی‌یە ڕەژیمی سەرەڕۆ چۆن خەڵك دەچەوسێنێتەوە.

ج: ئەستراتیژی: باوەڕی قوڵ بە ئیدئۆلۆژی، هۆی سەرەكی جیاوازی لە نێوان خوێندكاران دابوو ناكۆكی سەرەكی‌یەكان زیاتر لە سەر ئەم مەسەلانەی خوارەوە بوو جیاوازی‌یەكانی كۆمەڵگای كورە چی‌یە؟

ئەكتەرانی ئەسڵی چ كەسانێك دەبێ بن؟ ئەستراتیژی بزووتنەوەی دژی دەوڵەتی دەبێ چۆن بێ؟ خوێندكاران بە گشتی زیاتر لە كردەوەی توندوتیژی نایاسایی بۆ بەربەرەكانی لە گەڵ هێزەكانی ڕژێم كەڵكیان وەردەگرت. ئەستراتیژی ڕادیكاڵی ئەوان بووەوە هۆی ماوەی مانەوەیان و ئیدی خوێندكاران هۆكاری زیندوو مانەوەی ناڕەزایەتی‌یەكان بوو، سەرەڕای ئەوە كە سەركەوتن بە سەر هێزەكانی ڕژێم دەبووەوە هۆی هیواو ئومێدی خەڵكی ئاسایی بەڵام هەندێ جاریش دەبووەوە هۆی ئەوە كە حزبی نەیارەكان و خەڵكی ئاسایی دووری‌یان لێ بكەن. وشەی (Min) مین كورەیی‌یە نە ئینگلیسی‌یەو بە مانای ئازادی تودەكانە، یەكیەتی نیشتمان و خەبات بۆ دێموكراسی‌یە.